دیمانە: کارزان کانەبی

## مەتین ئیدریس:

### یاریزانی وشوکۆنفۆی پێشمەرگەی هەولێر

# بە ئاڵای کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیەکان دەکەم و لە ١٨ پاڵەوانێتیش پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە



یاریی وشوکۆنفۆ یەکێکە لەو یارییانەی کە یاریزانان بە زۆری رووی تێ ناکەن، بەڵام شاری هەولێر هەموو کات بەوە بە ناوبانگ بووە کە لە یارییە تاکەکان چەندین یاریزانی بەتوانای هەبووە و لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا خاوەنی ژمارەی پێوانەیی و مەدالیای ئاڵتونی بوون، یەکێك لەم یاریزانانەی کە بەتەمەن بچووکە، بەڵام ئەو هیوای زۆری هەیە بە دوارۆژی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهانیش بەدەست بهێنێت، مەتین ئیدریس ـە لەیاریی وشوکۆنفۆی یانەی پێشمەرگەی هەولێری سەر بە ناحیەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شارۆچکەی پیرمامە و یاریزانی هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێریشە، ئەو لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوە و ناوخۆی کوردستان چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە، ئێمەش لە دەرفتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان ـی دایەوە.

*** لـــە نێو ئەم هەموو یارییە وەرزشـــییە چۆن بوو یاری وشکۆنفۆت هەڵبژارد؟**

- منیش وەکـــو هەموو یاریزانێکی جیهان حەزێکی تایبەتی خۆم هەبوو بۆ ئەم یارییە، ئەم حەزەش منی هاندا بۆ ئەوەی لەنێو ســـەرجەم یارییەکان ئەم یارییە هەڵبژێرم.

*** کێ وەکو یاریزان بەهرەی تۆی دۆزییەوە؟**

- بـــە پلەی یەکەم باوکی خۆشەویســـتم، دواتریش ڕاهێنـــەری خۆم ئەحمەد ئیبراهیـــم کە هەوڵی زۆرم لەگەڵ دەدات بۆ ئـــەوەی زیاتر بەرەو پێش بچم لەم یارییە و توانای من بەرز بکاتەوە لە وشوکۆنفۆ.

*** ئاستی یاریی وشو کۆنفۆ لە شارەکانی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

- هەرچەندە شـــارەکانی کوردســـتان یاریزانی زۆر باشی تێدایە، بەڵام من هیچ بەرپرسێك نابینم، زیاتر گرنگی بەم یارییە بدات و بەرەو پێشـــی ببات، بۆیە من لە ئاستێکی زۆر بەرزی نابینم.

*** هەســـت ناکەی ئێســـتا یاریزانان کەمتر ڕوو لەم یارییە شەڕانگیزانەدەکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی من لەم یارییە فێری بووم ڕێز و خۆشەویستی و وەفادارییە، ئەم یارییە فێرمان دەکات کە یارمەتی خەڵکـــی بدەین، بەتایبەتی خەڵکی بێ توانا، فێرمان دەکات کە هەرگیز شەڕ نەکەین.

*** بۆچی لەگەڵ یانەی ئارارات بەردەوام نەبووی و ڕووت لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر کرد؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت ئەوە بوو کە من پێشووتر لە ڕیزی یانەی ئارارات بووم، بـــەڵام ئەوان نەیانتوانی بە پێی پێویســـت گرنگیم پێ بدەن، هەر بۆیە منیش ڕیزی ئەو یانەیەم بەرەو یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر جێهێشت، بەهیوای ئەوەم لەم یانە بتوانم زیاتر گرنگی بەخۆم بدەم.

*** کێشەی ئێوە لەم یارییە چییە ؟**

- هـــەر چەندە ئاســـتی ئەم یارییە لە کوردســـتان بەگشتی باشە، بەتایبەتی ئاستی هەڵبژاردەی هەولێر و یانەی پێشـــمەرگە بەتایبەت لـــە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە تا ئێســـتا لایەنی بەرپرس گرنگیی بەم یارییە نادات.

*** چی بکرێت باشـــە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت؟**

- وەکو یاریزانێك پێشـــنیارم بۆ لایەنەکانی بەرپرس ئەوەیە کە گرنگیی زۆر بەم یارییە بدەن، چونکە ئێمە بە ئاڵای کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە دەکەین ئەنجامی زۆر باشیش بەدەست دەهێنین.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

- هەرگیز لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق یاریم نەکردووە و یاریش ناکـــەم، چونکە من یاریزانێکی کوردم وەکو کوردیش بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان دەکەم.

*** وەکو یاریزانێك لەم یارییە هیوا و ئاواتت چییە؟**

- هیـــواو ئاواتـــم ئەوەیە کە بەشـــداری لە هەموو پاڵەوانێتییەکانـــی دەرەوە بکـــەم، ئەنجامـــی بـــاش بەدەســـتبهێنم بە ئاڵای کوردستانەوە ببمە یەکەمی جیهان.

*** وەکو یاریزان بۆ داهاتوو بەرنامەت چییە ؟**

- بۆ پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو خۆم ئامادە بکەم، کە بڕیارە لە مانگی هەشـــت لە پاڵەوانێتییەك بەشداربم لە وڵاتـــی تورکیا، بەهیوای ئـــەوەم لایەنی بەرپرس یارمەتیمان بدەن.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چین؟**

- لە پاڵەوانێتییەکانی ناوخۆ لەســـەر ئاستی هەولێر و دەوروبەری پلەی یەکەمم بەدەســـتهێناوە لە کێشی ٥٦کگـــم، لـــە پاڵەوانێتیی بەلقانی ئەوروپا لەســـەر ئاســـتی جیهانی لـــە وڵاتی تورکیا پلـــەی دووەمم بەدەستهێناوە، لە پاڵەوانێتی باتمانی نێودەوڵەتی پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، لە ١٨ پاڵەوانێتی پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە.

*** بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئەم یارییە داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داوکاریـــم بۆ لایەنی بەرپـــرس ئەوەیە کەوا زیاتر گرنگـــی بەم یارییە بدەن لە کاتی بەشـــداریکردن لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە لە ڕووی مادییەوە یاریمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامی باش دڵخۆشـــمان بکەن بۆ ئەوەی زیاتر خۆمان بەرەو پێش ببەین.


*** بە چ یاریزانێکی جیهانی زۆر سەرسامی؟**

- لە ســـەر ئاستی جیهانی بە ڕامبۆ سەرسامم، لە یاری وشوساندا بە یاریزانی بەتوانای جیهان موحسین سەیفی سەرسامم و حەز دەکەم بگەمە ئاستی ئەو.

*** لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە یاریزانانی یارییە تاکەکان بدرێت، خزمەتی زیاتـــری یاریزانانی کورد بکرێـــت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆیان بدەن، ســـوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە هەمیشـــە پێشـــەنگ بووە لـــە بەســـەرکردنەوەی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.

## ریکاردۆ کاکا خاوەن گەورەترین داهاتە لەخولی ئەمریکا




یاریزانی بەناوبانگی بەڕازیلی ریکاردۆ کاکا بووە خاوەن گەورەترین داهات لەخولی یانە پیشەگەرەکانی ئەمریکا لە یاری تۆپی پێدا. ریکاردۆ کاکا پەیوەندی بە یانەی ئۆرلاندۆ سیتی ـەوە کردووە و ساڵانە بڕی ٤,٥٩ ملیۆن پاوەند وەردەگرێت. یاریزانی پێشووی یانەکانی میلان و ریال مەدرید بە پێش یاریزانی پێشووی یانەی یۆڤانتۆس سیبیستیان جۆڤینکۆ کەوت کە یاری بۆ یانەی تۆرەنتۆ دەکات و ساڵانە بڕی ٤,٥٦ ملیۆن پاوەند وەردەگرێت .

کاپتنی پێشووی یانەی لیڤەرپول ستیڤن جیرارد یاری بۆ یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی دەکات و ساڵانە بڕی ٤,٠٥ ملیۆن پاوەند وەردەگرێت لە پلەی سێیەم و یاریزانی پێشووی یانەی چێلسی فرانك لامپارد یاریزانی یانەی نیویۆرك سیتی بە پلەی چوارەم هات کە ساڵانە بڕی ٣,٨٥ ملیۆن پاوەند وەردەگرێت .

شایانی باسە لە ماوەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی جیهانی روویان لە خولی ئەمریکا کردووە و ئێستا خولەکە هاندەرێکی زۆری بۆ خۆی راکێشاوە .

## ئەلکانتارا: بۆ وەرزی نوێ ئامادەم




تیاگۆ ئەلکانتارا یاریزانی ئیسپانی هێڵی ناوەندی یانەی بایرن میۆنشینی ئەڵمانی کە لە دوو وەرزی رابردوودا بە هۆی پێکان زۆربەی کات لە یاریگاکان دابڕا بوو، رایگەیاند بۆ وەرزی داهاتوو ئامادەیە بۆ یاریکردن. ئەو یاریزانە لە لێدوانێکدا ئەوەی خستەڕوو: ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر ئامادەم بۆ گەڕانەوەی بۆ نێو یاریگاکان. وتیشی: لە دوو وەرزی رابردوودا بە هۆی پێکانەوە بە قۆناغێکی زۆر سەختدا تێپەڕیم، بەڵام لەم وەرزەدا هەوڵ دەدەم قەرەبووی رابردوو بکەمەوە و بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز دڵی هاندەرانمان خۆش بکەم.

تیاگۆ ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك تووشی پێکان بووە، گواردیۆلای راهێنەریان لە لایەنی دەروونییەوە پشتگیری زۆری کردووە، وتیشی: ئێستا هەست بە خۆشحالی دەکەم کە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە ریزی یانە باڤاریەکە و هیوادارم یارمەتی یانەکەم بدەم بۆ ئەوەی نازناوی زیاتر ببەینەوە.

## ئەلێگری: میلان و ئینتەر جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە



یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی لە چوار وەرزی رابردوودا بەردەوام براوەی خولی کالچیۆ بووە. لە ماوەی ساڵانی رابردووش زۆربەی یانەکانی ئەو وڵاتە بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە لە پێگەی راستەقینەی خۆیان دوور کەوتنەوە. ماکسیمیلیانۆ ئەلێگری راهێنەری یانەی یۆڤانتۆس لە لێدوانێکدا ئەوەی خستەڕوو کە یانەی یوڤی هەوڵ دەدات لە وەرزی داهاتوو براوەی نازناوی خولی کالچیۆ بێت، بەڵام لە ئێستادا هەر دوو یانەی میلان و ئینتەرمیلان بە کڕینی کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرز لە هەوڵی گەڕانەوەدان جیا لەو دوو یانەیەش هەردوو یانەی رۆما و ناپۆلی لە دۆخێکی باشدان، هەروەها ئەلێگری ئاماژە بەوە دەکات کە هەستانەوەی یانەکانی میلان و ئینتەر کاریگەرییان دەبێت لە سەر خولی کالچیۆ و گرووتینێکی نوێ بەو خولە دەبەخشن، ئەوەشی بۆ تۆپی پێی ئیتالیا بە مایەی خۆشحالی لە قەڵەم دا.

# پلێتی: لیۆنیل میسی ئەرژەنتینی پیلێتی ئەو سەردەمەیە

یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی بەرشەلۆنە جولیانۆ پلێتی یاریزان و ئەستێرەی یانەکەی لیۆنیل میسی بە پلێتی ئەم سەردەمە وەسف دەکات. پلێتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: نابێ ئەرژەنتینیەکان ڕەخنە لە ئاستی میسی بگرن، بەڵکو باشتر وایە ئەوان لەو ڕاستیە تێبگەن کە میسی لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا ئەستێرەیەکی تەنیایە و کەس هاریکاری ناکات، چونکە هەندێ یاریزان هەن تەنانەت بە مەبەستی سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەیان حەز ناکەن هاوکاری میسی بکەن. وتیشی: بەڵگەم بۆ سەلماندنی ئەو وتەیەم ئەوەیە میسی لە ریزی یانەی بەرشلۆنە ڕۆڵی ئەستێرەیەکی یەکلاکەرەوە دەبینێت، بەڵام لە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا وەکوو پێویست هاوکاری ناکرێت لە لایەن یاریزانان دیماریا، ئەگوێرۆ و هیگواین ـەوە. پێویستە بوترێت لیۆنیل میسی لە وەرزی ڕابردوودا لە ریزی یانە کەتەلۆنیەکە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بوونە براوەی سێ نازناو، بەڵام لە ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نەیتوانی براوەی نازناوی ئەمریکای ٢٠١٥ی چیلی بێت کە بەهۆیەوە لەلایەن هاندەرانی رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بویەوە.




## حازم ساڵح ڕاهێنەری دهۆک ئەوەی ڕاهێنەرەکانی دیکەی دهۆک نەیانتوانی خۆی لێبدەن، من کردم

دوای ئەوەی ئەم وەرزە یانەی دهۆك بۆ یەکەم جار سیستەمی پشت بەستن بە یاریزانانی کوردی شارەکەی جێبەجێ کرد، کە ئەمە چەندین ساڵە کاری لەم جۆرە لە یانەکانی کوردستان نەکراوە، بولاّم دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك لەسەر ڕاسپاردەی پارێزگای دهۆك ئەم کارەی جێبەجێ کردو توانی سەرکەوتووش بێت لە ئەزموونی پشت بەستن یاریزانانی خۆماڵی شارەکەیان. حازم ساڵح-ی ڕاهێنەری یانەکەش ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی ئەم ئەزموونە و سەرخستنی یاریزانانی شاری دهۆك بۆ ریزی یەکەم و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان، لە ئێستاشدا حازم ساڵح سەڕەرای هاتنی گرێبەست بۆی، بەڵام ئەو لەبەر خۆشەویستیی بۆ دهۆك سەرجەم گرێبەستەکانی ڕەتکردۆتەوە. لەبارەی مانەوەشی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتیی یانەی دهۆك حازم ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: لەم ماوەیەدا هەموو شتێك دەردەکەوێت لەگەڵ یانەی دهۆك، تاکو ئێستا یانەی دهۆك کۆنەبۆتەوە لەسەر چارەنووسی من و هیچ بڕیارێکیان نەداوە، خۆشتان دەزانن کێشەی دارایی هەیە، بۆیە ڕاوەستاوە، لە بارەی هاتنی گرێبەست لە یانەکانی تریش حازم وتی: «لە عێراق و لە کوردستانیش بۆم هاتووە، بەڵام من ڕەتم کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی دهۆك لای من یەکەمە. لە بارەی بەردەوامی پشتیگری یاریزانانی کوردو سەرخستنیان بۆ تیپی یەکەم بۆ ئەوەی پێویستیان بە یاریزانانی بیانی نەبێت، حازم وتی: «من شانازی دەکەم کە یەکەم ڕاهێنەری دهۆکم هەلی ئەوەم داوە پشتیگریی یاریزانانی دهۆك بکەم بۆ سەرخستنیان، ڕاهێنەرەکانی پێشووتر دەترسان لەم کارە تەنیا پشتیان بە ٣ یاریزانی شارەکە دەبەست، ئێستا زۆربەی یاریزانەکانی دهۆك خەڵکی شارەکەن، من ئەو کارەم ئەنجامدا کە ئەوان لێی دەترسان، ئەو کارەم کرد کە ترس و دڵەڕاوکێ لەلایان نەمێنێ و لە یارییەکەوە بۆ یارییەکی تر زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەبێت و لە بڕی یاریزانانی شارەکانی تر، زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن، منیش وام کردووە کە متمانەی من لەسەر کوڕانی دهۆك بەردەوام بێت، من دەزانم یانەی دهۆك چ یاریزانێکی پیشەگەری پێویستە.



## ئەرسەلان جەلال و یانەی نەورۆز لێک نزیکن

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی نەورۆز وەرزێکی سەرکەوتووی لەگەڵ ئەرسەلان جەلال-ی ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەکەی بەسەربرد و توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی یانەکە پلەی سێیەمی ریزبەندی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەستبهێنێت، بۆیە ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی نەورۆز خوازیاری ئەوە بوون هەرچی زووە بتوانن ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان ڕازی بکەن بە مانەوەی لە یانەی نەورۆز و بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەتر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ئێستاشدا یانەی نەورۆز و ڕاهێنەری ناوبراو تاڕادەیەك گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی بتوانن وەرزی داهاتووش ڕابەرایەتی تیپەکە بکات لە خولەکانی کوردستان. لە بارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەشی ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «وەکو مەبدەئی لەسەر زۆربەی بابەتەکان ڕێکەوتووم لەگەڵ یانەی نەورۆز بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان وەکو ڕاهێنەر سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکەمەوە، دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو بە هیممەتی هەموو لایەك توانیمان ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین کە پلەی سێیەم بوو، بۆیە ئەوانیش بەفەرمی داوایان لە من کرد بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ نوێ بکەمەوە و بتوانین لە وەرزی نوێ کاری باشتر بۆ یانەی نەورۆز بکەین، دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆزیش لەسەر زۆربەی ئەو مەرجانەی من هەمبووە ڕازی بوون کە جێبەجێی بکەن و بڕیاریشە ئەوان کۆبوونەوەیەکی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی لەسەر هەموو بابەتەکان قسەی دوایی بکەن، ئەو شتانەی داواشم کردووە زیاتر بۆ هێنانی یاریزانانە و هیچ شتێکی وام بۆ خۆم داوا نەکردووە، حەزیش دەکەم خزمەتی یانەی نەورۆز بکەم بۆ ئەوەی وەرزی داهاتووش هەموومان بەیەکەوە بتوانین کارێکی باش بۆ داهاتووی یانەکە بکەین و هەمیشە لە پێشەوەی یانەکانی تر بێت، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش وەرزی ڕابردوو پشتگیریی باشی ئێمەیان کرد وەکو دەستەی ڕاهێنەران و تیپەکە هیچ گرفتێکمان نەبووە.





# میران خەسرۆ گرێبەستی پێشکەش کراوە

شـــاری هەولێر هەموو کات چەندین ئەستێرەی بە ناوبانگی لێ هەڵکەوتووە کە پاشەڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەو یاریزانانەدایە، لە ماوەی ڕابردووشدا یاریزانانی ناوبراو گەورەیی و بەهێزیی ئاستی خۆیان نواندووە لە خولەکانی کوردستان و عێراق و ئاسیادا، میران خەسرۆ یەکێك لە یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی هەولێرەو لە ماوەی ڕابردوودا توانی ئاســـتێکی بەرز لە یارییەکانی جامی یەکێتیی ئاسیا و خولی نایابی یانەکانی عێراقی پێشکەش بکات و بۆتە هۆی چاوتێبڕینی لەلایەن یانەکانی تری بەشـــدار لە خولەکانی عێراق و کوردستان، دوای هەڵوەشانەوەی تیپەکان لەلایەن یانەی هەولێرەوە یاریزانەکانی هەولێر لە ئێستادا لە نێوان دوو ئەگەردان یان لە یانەکە بمێننەوە یاخود یانەیەکی تر هەڵبژێرن، چونکە تاکو ئێســـتا یانەی هەولێر چارەنووســـی خۆی دیاری نەکردووە لەگەڵ یاریزانانی کوردی یانەکەی.

لە بارەی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو گرێبەستانەی بۆ یاریزان میران خەسرۆ هاتووە، ناوبـــراو بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: لە دوای ئەوەی ئێمـــە لە خولی عێراق نەمانتوانی بگەینە چوارگۆشەی زێڕین، ئێمە دانیشتووین، لە ئێستادا من چەندین گرێبەستم لەلایەن ژمارەیەك لە یانەکان پێشـــکەش کراوە، بەتایبەتی لە شـــاری بەغدا و لە باشووری عێراق و لە یانەکانی کوردســـتانیش گرێبەستم پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی یارییان بۆ بکەم، جگە لەمەش لە خولی کوردســـتانیش گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام من بڕیاری کۆتاییم نەداوە لە ســـەر یاریکردنم بۆ هیچ یانەیەك، چونکە یانەی هەولێر بە فەرمی تیپەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، منیش لە چاوەڕوانی ئەوەم بزانم یانەی هەولێر بەرنامەی چی دەبێت، ئەوکات منیش بڕیاری کۆتایی خۆم دەدەم.

لە بارەی دیاریکردنی ناوی ئەو تیپانەی گرێبەستیان پێشکەش کردووە، میران وتی: «جارێ نامەوێ ناوی هیچ یانەیەك دیاری بکەم تاکو کاتی خۆی.

سەبارەت بە پشت بەستن بە یاریزانانی کوردیش میران وتی: «من پێم باشە یانەکانی کوردستان پشت بە یاریزانانی خۆمان ببەستن، بەڵام نەك کە پارە نەما، ئەوکات پشـــت بە یاریزانانی کورد ببەستن، بەداخەوە هەندێك یانە هەر پشـــت بە یاریزانانی بیانی دەبەستن، گەرچی ئاساییە ئەگەر پشت بە ئەوانیش ببەســـتن، بەڵام نەك وەکو یانە کوردییەکان یاریزانان بە زۆر پەلکێش بکەن. لە بارەی یانەی هەولێریش میران وتی: «لە ئێستادا یانەی هەولێر تیپی خولی عێراقی هەڵوەشـــاندۆتەوە و نەك لەگەڵ من، بەڵکو لەگەڵ هیچ یاریزانێك قســـەیان نەکردووە، بۆیە هێشتا نازانین بەرنامەیان بۆ ســـاڵی داهاتوو چییە. من وەکو یاریزانێك پێم باشـــە متمانە بە یاریزانانی کورد بدەن و ئەو ترســـە بشکێ پشـــتگیریت بکەن، چونکە یاریزانانی کوردیش زۆر بەتوانان و دەتوانن ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن و ناوی یانەکانیان بەرز بکەنەوە.

